www.kurdistannet.org
7-5-2007 10:22بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ڕێکخراوە کانی ژنان و ئافرەتان کاریان چیە... هاوڕێ سماقوڵی

لە جیهاندا ژنان پێکهاتەیەکی گرینگی کۆمەڵن. بەڵام چ دەورێک دەبینن بۆ پێکەوە ژیان لەگەڵ پیاو دا لە کوردستان. من مرۆڤێکم بیرکردنەوەکانم وایە چۆن ڕێز لە ڕەگەزی نێرینە دەگرم و هەموو مافێکی پێ ڕەوا دەبینم وە حەزیش دەکەم بە هەمان شێوە بروانمە ڕەگەزی مێینە و هەمان مافیشی پێ ببەخشم لە ژیاندا. بەڵام زۆر جار پیاو بێ ویژدانانە ڕەفتار دەکات بەرامبەر بە ڕەگەزی مێینە. پیاو زۆر جار بیر لەوە ناکاتەوە لە ناو کۆمەڵ ئەگەر ژن نەبێت ئەوا پیاویش هەر وجودیی نابێت. ئەگەر چی لەسەر ئەم بابەتە شت بنوسیت ئەوا بە دەیان کتابیش ناتوانین حەقی خۆیی بدەینێ. من لێرە دا دەمەوێت گلەیەکانم ئاراستەیی ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان بکەم. ئەم ڕێکخراوانە چ دەورێک دەبینن بۆ وشیار کردنەوەیی کچان و ژنانی کورد لە کۆمەڵگەیی کوردەواریدا، تا وەکو لەو چەوسانەوەیەی کە هەیە ڕزگاریان بێت. من ژنم زۆر خۆش دەوێت وە بە پاڵپشتێکی بە هێزیی دەزانم بۆ پیاو چونکە ئەگەر ژن نەبێت ئەوا پیاویش نابێت وە هەر دوولا تەواو کەریی یەکترین. من لێرە دا دەپرسم لەو ڕێکخراوانەیی کە لە ژن دروست دەبن بۆ وشیار کردنەوەیی ژنان بۆ ئەوەیی بتوانن شان بە شانی پیاو هاوبەش بن بۆ بەڕێوەبردنی کاریی ڕۆژانەیان تاوەکوو لەو تراژیدیاو چەوساندنەوەیە ڕزگاریان بێت کە بەدەست پیاو سالاریە دەنالێنن. ئەوەتا ڕۆژ نیە کچ و ژن بە بیانوی جۆراو جۆر لە ناو نەبردرێن و مافیان پێشێل نەکرێت. بۆ دەبێت ژنان لە کوردستان ئەوەندە خۆیان بە ڕەزیل و کەم دەسەڵات بزانن. بۆ هەوڵ نادەن هەر لە منالیەوە کچان لەگەڵ کوران تێکەڵ بکەن و جودایان نەکەنەوە تاوەکوو بە یەکسانی ژیان بەسەر بەرن. ژنان خۆیان گوناح بارن بەرامبەر بە خودیی خۆیان. ئەگەر چی ژن زوڵمی زۆریی لێ کراوە لەسەر دەمی هاتنی ئاینی ئیسلامیش بۆ چی چوار ژن شوو بە یەک پیاو بکەن حەرار کراوە وە ژنیش قەبوڵی کردوە. لە دابەش کردنی میراتیش ژن نیو بەشەو مافی پێشێل کراوە. سەرەڕایی ئەمانە هەر خودیی دایک کوریی بە گەورەتر حیساب کردوە لە چاو کچ هەروەها سەربەستی زیاتر بەخشراوە بە کور. بەڵام ئێمەیی کورد کەموو کوریمان زۆرە بەرامبەر بە مافەکانی ژنان هەموو مافێک بەخۆمان ڕەوا دەبینین لە ژیان، بەڵام ئەو مافە نادەین بە ژن تەنانەت لەکاتی جوت بونی ژن و پیاودا بۆ دروست بونی خێزان، هەر پیاو سەربەست تربوە لە ژنان، ئەگەر کوران بیانەوێت کچێک بخوازن ئازادن لە دەست نیشان کردنی کچ، بەڵام ڕێگا نەدراوە کچان بۆ خۆیان کوڕان دەستنیشان بکەن بۆ هەڵبژاردنی ژیانی هاوسەریان. زۆر جار نەک کور تەنانەت پیاوانیش خیانەتیان لە ژن کردوە لە پەنا سێبەریی ژن دا چون لەگەڵ ژنی تر هەوەس بازیان کردوە کە چی کەسیشمان نەدیت لەسەر ناموس بکوژرێت. بەڵام ئەگەر ژن وا بکات ئەوە بێ قەیدوو شەرت حوکمی قەرەقوشی بەسەر دا دەچەسپێت و لە ناو دەبردرێت، هەر وەکوو دوعا و هەزارانی پێش دوعا بە درندەترین شێوە زیندە بە چاڵ کراون کە جێگایی داخە. ئێستا لە کوردستان لەو کەش و هەوا ئازادە ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان هەر لە چەپەوە تاوەکوو ڕاست نەیان توانیوە ببنە پێشەنگ بۆ وشیار کردنەوەیی ژنان لە کوردستان دا، چونکە ئەگەر ئەوان پێشەنگ بن و تێکەڵاویی تەواویی کچان و ژنان بن دوور لە چوار چێوەیی دەسەڵاتی حیزبی کار بکەن ئەوە ڕەوشی ژنان بەو ئاراستەیە تێ ناپەڕێت کە ڕۆژ نیە لەم گوندو لەم شار لاشەیی کچێک یان ژنێک فرێ نەدرێت کە بۆتە هۆیی شێواندنی باریی کۆمەڵگەی کوردەواری. جا بۆیە ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان ئەرکی سەرشانیان قورسە دەبێت هیمەت بکەن و چالاک تر بن بۆ وشیار کردنەوەیی ژنان و کچانی کوردستان تاوەکوو ڕزگاریان بێت لەو تەنگژەیەیی کە تێی کەوتون. بۆیە پێویستە ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان زۆر بە تووندیی ئیدانەیی کوشتنی دوعا بکەن تاوەکوو جارێکی تر خەڵکی کورد زادیی ئەوە نەکات کچانی کورد لە نا ببات. چونکە ئێستا گەلی کورد ناوبانگێکی زۆر خراپی دەرکردوە لە پێشێل کردنی مافەکانی ژن..

سوید /2007/5/3

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.